# ڕووداو وەرزشی

WWW.RUDAW.NET

ژمارە (331) سێشەممە 2014/12/23 2ی بەفرانباری 2714 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات




ئەگەر مەشقی کردبا چیدەکرد؟!..

## ڕۆناڵدۆ بە بێ مەشق و خۆئامادەکردن ئاگردەکاتەوە

ڕوودلوی وەرزشی ـ SPORT

ڕۆژنامەنووسێکی ئیسپانی سەرسوڕمانی خۆی لەوە نیشاندا کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی چۆن دەتوانێت ئەو ئاستەبەرزە لەگەڵ یانەی ریال مەدرید پێشکەش بکات بێئەوەی لە هاویندا وەک پێویست مەشق و خۆئامادەکردنی بۆ ئەم وەرزە کردبێت.

میلکۆر رۆیز، ڕۆژنامەنووسی ئیسپانی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدرید، لە هاوینی رابردوودا نەیتوانی بە شێوەیەکی باش خۆی بۆ وەرزی ئەمساڵ ئامادەبکات، بەهۆی پێکانە یەک لەدوای یەکەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆناڵدۆ ئاستێکی خەیاڵی لەگەڵ ریال مەدرید لەم وەرزەدا پێشکەش دەکات و دەڵێت «لە هاویندا ڕۆناڵدۆ بە پێچەوانەی هەموو یاریزانانی دیکە نەیتوانی وەک پێویست مەشق و ئامادەکارییەکان بکات، چونکە پێکانەکان یەخەیان بەرنەدەدا، لەگەڵ ئەوەشدا مووشەکی مادێرا بە ماوەیەکی نایاب لەگەڵ مێرینیگیدا تێدەپەڕێ و تاوەکو ئێستا لە لیگادا 25 گۆڵی لە 15 یارییدا تۆمارکردووە».

رۆیز بە ئێزگەی کادینا کوپێی ئیسپانی ڕاگەیاند «ڕۆناڵدۆ خۆی بۆ وەرزی ئەمساڵ ئامادەنەکرد، لەگەڵ ریالیش بەشداری لە ئامادەکارییەکان نەکرد، کەچی تاوەکو ئێستا 32 گۆڵی تۆمارکردووە، لەوانەش 25 گۆڵ لە لیگا و 2 گۆڵ لە جامی سوپەری ئەوروپا و 5 گۆڵیش لە چامپیۆنسلیگ». هەروەها ڕۆیز دەپرسێت «ڕۆناڵدۆ بە بێ مەشقەکان ئەمەی کردووە، ئەی ئەگەر مەشق و ئامادەکاری هەبوایە چی دەکرد؟!».

ئەمجارە کەتەلۆنییەکان و مەدریدییەکان لەسەر میسی و زێدان بەشەڕدێن..



# "بەراوردکردنی میسی بە زێدان گاڵتەجاڕییە"



نیستلرۆی: هیچ زمانێک بەشی ئەوەندە وشەی نییە وەسفی میسی پێبکەی



نور تەتەر.. ئەو کچە کوردەی باشترینی جیهانە

5



لە فەرەنسا کەس ریبێری و بنزیمەی خۆشناوێ

5



## نەورۆزی ئەمساڵی ئێنریکی زۆر ناخۆش دەبێت

3«



## ژنەکەی نەیهێشت

جوتیار عەلی یاریدەدەری راهێنەری تیپی باسکەی یانەی زاخۆ بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە دوای دەستلەکارکێشانەوەی ئەحمەد فازڵی راهێنەری تیپەکەیان، ئەوان لەگەڵ ئیلینا ئۆجینی راهێنەری پێشووی یانەکەیان رێککەوتوون بۆ ئەوەی مەشقی تیپەکەیان وەربگرێتەوە، بەڵام وەکخۆی گوتی «دەمانویست ئۆجین ئەنجامی شایستە بۆ یانەکەمان بەدەستبێنێت و رەزامەندی لەسەر ئەوە نیشاندا کە بۆ مۆرکردنی گرێبەستەکە بێتە شاری زاخۆ، بەڵام هاوسەرەکەی رازی نەبوو، رێگری لێکرد، بۆیە گرێبەستمان لەگەڵ میلانی راهێنەری سربی مۆرکرد».

# کەس ناوێرێ ببێتە راهێنەری دهۆک

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ دهۆک**

ئەندامێکی راگەیاندنی یانەی دهۆک بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «لەم بارودۆخەی ئێستا کەس نایەوێ مەشقی یانەی دهۆک وەربگرێت لە کاتێکدا کە زیاتر لە 15 یاریزانی ریزەکانی یانەکەیان جێهێشتووە».

هەرچەندە یانەی دهۆک لەم وەرزەدا بەنیازی ئەوەبوو بتوانێت ئەنجامێکی شایستە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی بەدەستبهێنێت، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە خراپە داراییەی رووی لە یانەکە کردو لە ئەنجامدا زیاتر لە 15 یاریزان لەگەڵ باسم قاسمی راهێنەری یانەکەو یاریدەدەرەکانی ریزەکانی یانەی دهۆکیان جێهێشت. ئێستا یانەی دهۆک دەستەوەسان وەستاوەو ناتوانێت هیچ کارێک بکات بۆ بەڕێوەبردنی یانەکە، تەنیا ئەوە نەبێت کە یانەکە ئەرکی یانەکەی بە راهێنەری خولی کوردستان سپاردووە، بۆیە ئێستاد یانەی دهۆک نایەوێ هیچ کارێک بکات بۆ ئەوەی یانەکە هەستێتەوەو تەنیا لەم قۆناخە چاوی لەوەیە بتوانێت خۆی لە خولی عێراقدا بهێڵێتەوە. لەو بارەوە محەممەد عەلی، لە راگەیاندنی یانەی دهۆک بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە لەم قۆناخەدا ناتوانین هیچ کارێک بکەین بۆ یانەکەمان، بۆیە تاوەکو ئێستا هیچ هەوڵێکمان نەداوە بۆ ئەوەی مەشقی یانەکەمان رادەستی راهێنەرێک بکەین، چونکە لەم قۆناخە خراپەی داراییدا هیچ راهێنەرێک خۆی ناکاتە قوربانی بۆ ئەوەی تیپەکە بەڕێوەببات، لەبەرئەوەی دەزانێت هیچی پێ ناکرێت».

ئەو ئەندامەی راگەیاندنی یانەی دهۆک گوتیشی «ئێمە ئەم وەرزە زیاتر لە 15 یاریزانمان رۆیشتووە، دواییینیشیان هەریەک لە یاریزانان ئەنێست ئەنیگای کامیرونی و عودەی تاڵیبی گۆڵچی و ساڵح سدیریش ریزی یانەکەیان جێهێشتووە، ئەوەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر یانەکەمان دەبێت».

لە بارەی پەیوەندیکردنی یانەکەش بە راهێنەرانەوە گوتی «تاوەکو ئێستا بە فەرمی قسەمان لەگەڵ هیچ راهێنەرێک نەکردووە، محەممەد قەویزیش هیچ کات پەیوەندیمان پێوە نەکردووە، چونکە ئێمە ناتوانین هیچ کەسێک بهێنین، چونکە هیچ برە پارەیەکمان لە ژێر دەستدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئێمە بە یاریزانانی کورد شەڕی خولی عێراقی دەکەین، چونکە سەرجەم یاریزانانی تیپەکەمان کوردن، جگە لە 2 یاریزانی عەرەب نەبێت ئەویش هەریەک لە یاریزانان محەممەد حەمەد و حەیدەر راسم، بۆیە ئامانجی ئێمە لەم وەرزەدا تەنیا مانەوەیە».

ئەو گوتیشی «ئێستا حازم ساڵح وەک راهێنەر هەردوو تیپی خولی کوردستان و عێراق بەڕێوی دەبات ئەو بەردەوام دەبێت لە راهێنەرایەتی یانەی دهۆک لە هەردوو خولدا تاوەکو کۆتایی خولی عێراقی.

محەممەد عەلی، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە لەوانەیە دانیشتنێکیان لەگەڵ لایەنی حکومەت هەبێت بۆ ئەوەی رێگەچارەیەکیان بۆ بدۆزنەوە گوتیشی «دەمانەوێ لایەنی حکومەت قسەیەک لەسەر چارەنووسی یانەکەمان بکەن، کە لە بارودۆخێکی زۆر خراپداین، ئەرکمان زۆر قورسە، دەمانەوێ ناوی دهۆک بە بەرزی بمێنێتەوەو متمانەمان بە یاریزانە کوردەکانی خۆمانە لەم قۆناغە کە یاریزانانی ئێمە هەمووی چونەتە یانەکانی تری خولی عێراقی ئێمەش بە یاریزانانی خۆمان و بەپێ پارە یاری دەکەین بۆ ئەوەی ناوی یانەکەمان هەر بە بەرزی بمێنێتەوە، خۆشبەختانە ئومێدی زۆرمان بە یاریزانانی کوردی خۆمان هەیە کە بتوانن لە یارییەکانی داهاتوودا شتێک بە شتێک بکەن و ناوی دهۆکیش بە بەرزی بهێڵنەوە».



## بە پێی گرێبەستێک، کە لە هەولێر واژووکراوە..

# کورەک دەبێتە سپۆنسەری تیپی بارزانی بۆ پێشبرکێی ئوتۆمبێل





ئیسحاق توتوملۆ:
زۆر سوپاسی پاڵپشتی کۆمپانیای کورەک دەکەم

**هەولێر ـ کوردستان**
**عێراق 2014/12/21**

کۆمپانیای کورەک بۆ پەیوەندییەکانی مۆبایل گرێبەستێکی واژووکرد بۆ سپۆنسەرکردنی تیپی بارزانی بۆ پێشبڕکێیەکانی ئوتۆمبێل لەپێناو مسۆگەرکردنی بەشداریکردنێکی سەرکەوتووانە بۆ شوفێری ئیسپانی کورد (ئیسحاق توتوملۆ)، کە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە پێشبڕکێیەکانی داهاتوودا، بەتایبەتی لە پێشبڕکێی فۆرمیلا 1ی ئەبوزەبی و دوبەی. کورەک داوا لە گەلی کوردستان دەکات بوێربن و خەونەکانیان بهێنەدی لە بواری بەدەستهێنانی دەستکەوت و نازناوە جیهانییەکان.

توتوملۆ کە لە بارسیلۆنا لەدایکبووە، رایگەیاند کە سەرجەم ئامادەکارییەکانی تەواوکردووە بۆ بەشداریکردن لە هەردوو پێشبڕکێی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەوانیش بریتین لە پێشبڕکێی کەنداو 12 کاژێر، کە رۆژی 2014/12/13 ئەنجامدرا، هەروەها پێشبڕکێی دوبەی 24 کاژێر، کە رۆژانی 9 و 2015/1/10 ئەنجامدەدرێت.

توتوملۆ، ئاماژەی بەوەکرد کە ئوتومبێلی (کسل فیراری 458GT3)ی کۆمپانیای (مارانلۆ) لە هەردوو پێشبڕکێیەکە لێدەخوڕێ، هەروەها بەشداری فیراری دەکات لەگەڵ مارکۆ فرێزا کە شوفێرێکی ئیتاڵییەو براوەی پێشبڕکێی نێودەوڵەتی (جیتی کراوە) یەو بەشداری لە چەندین پێشبڕکێی 24 کاژێری دایتۆنادا کردووە. هەردەم بەشداریشی لە رکابەرییەکانی فیراری دەکات لە (ڤیدام جیتلن)ی رووسی.

لە بارەی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان، توتوملۆ بە دەزگاکانی راگەیاندنی گوت «ئامانجی سەردانەکەم بۆ کوردستان دوو لایەنە بوو، چونکە لەلایەک چاودێری کارە مرۆڤدۆستانەکەی خۆمانم کردو لەلایەکی دیکەوە بوارم بۆ رەخسا چاوم بە نوێنەرانی کۆمپانیاکانی کوردستان بکەوێت، کە بایەخ دەدەن بۆ سپۆنسەرکردنی تیپی بارزانی لە پێشبرکێی ئوتۆمبێل».

هەروەها خۆشحاڵی خۆی دەربڕی لە بارەی ئەو پێشوازییە گەرمەی لە کوردستان لێیکراوە، ئێجگار بەختەوەر بووە بەرامبەر بەو هاوسۆزییە راستگۆیانە. سوپاسی هەموو ئەو لایەنانەی کرد کە پاڵپشتیان لێکردووە، چونکە یەکەم وەرزشوانە نوێنەرایەتی کوردستان دەکات لەم جۆرە پێشبڕکێیانە، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەت سوپاسی کۆمپانیای (کورەک)ی کردو لەو بارەوە توتوملۆ گوتی «دەمەوێ ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە بۆ ئەوەی سوپاسی کورەک بکەم بۆ ئەو پاڵپشتییەی لێیکردم، ئەگەرنا دەرفەتم بۆ نەدەڕخسا بەشداری لەم دوو پێشبڕکێیەدا بکەم». هەروەها گوتیشی «دەمەوێ ستایشی هەموو ئەو کۆششانە بکەم کە لەم پرۆژەیەدا رۆڵیان بینی، هیواخوازم ئەمساڵ ئەزموونەکەمان لە کەنداو باشتربێت لە ساڵی رابردوو، چونکە ساڵی رابردوو تووشی زۆر گرفت بووین و کۆتاییەکی باشمان بە دەستنەهێنا، بەهیوای ئەوەم باشترین دەرئەنجام لە هەردوو پێشبرکێیەکە بەدەستبێنم».

توتوملۆ، لەلایەن یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی دیاریکرا بۆ ئەوەی هاریکارییە مرۆییەکان و هەندێک لە تۆپ و جلوبەرگی وەرزشی بەسەر ئاوارەکانی هەرێمی کوردستاندا دابەش بکات.





## بۆکسینەرێکی کوردە..

# ئۆزەن دەستەوانەکەی بۆ منداڵانی کۆبانێ دەفرۆشێت

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**رووداوی وەرزشی ـ ئەڵمانیا**

بۆکسینەرێکی کورد دوای بردنەوەی یارییەکی بەهێز، دەستەوانەکەی دەفرۆشێت بۆ ئەوەی داهاتەکەی پێشکەشی ئاوارەکانی کۆبانێ بکات.

ئیسماعیل ئۆزەن، بۆکسینەری کوردە، خەڵکی شاری دێرسیمی باکووری کوردستانە، لە یارییەکی بەهێزدا لە شاری هامبۆرگ لە ئەڵمانیا، توانی سەرکەوتن بەسەر رکابەرەکەی تۆماربکات، کە بۆکسینەرێکی سربی بوو.

ئۆزەن توانی بە تەنیا لە دوو گەڕدا یارییەکە بباتەوەو رکابەرەکەی بخاتە سەر زەوی.

لە یارییەکەدا هونەرمەندی کورد فەرهاد تونج و ژمارەیەکی زۆر لە کوردان ئامادەبوون و تونج بە گوتنی گۆرانی هانی ئیسماعیل ئۆزەنی دا سەرکەوتن تۆماربکات.

لە دوای یارییەکە ئیسماعیل ئۆزەن رایگەیاند، دەستەوانەکانی دەخاتە مەزادەوە بۆ ئەوەی بە داهاتەکەی یارمەتی ئاوارەکانی کۆبانێ بدات، کە بەشێکی زۆریان ئێستا لە باکووری کوردستانن.

دەستەوانەکەی ئۆزەن، کە سەرکەوتنەکەی پێتۆمارکرد، بە بڕی 3 هەزار یۆرۆ فرۆشراو بڕیارە ئەو داهاتەش پێشکەشی منداڵ و ئاوارەکانی کۆبانێ لە باکووری کوردستان بکات.

ئۆزەن رایگەیاندووە، خۆی سەردانی ئاوارەکانی کۆبانێی کردووەو زانیویەتی کە لە بارودۆخێکی خراپدان.





## لە بەرزکردنەوەی قورساییدا..

# دوو کورد دەبنە نێودەوڵەتی

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

راهێنەرێک و ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتیی کورد لە یاری بەرزکردنەوەی قورساییدا، گلەیی ئەوەدەکەن یارییەکەیان پشتگوێخراوەو خەریکە لەناودەچێت، لە کاتێکدا کوردستان بە گشتی و هەولێر بەتایبەتی، شوێنی پاڵەوانانی ئەو یارییەو شکاندنی ریکۆردەکان بووە لە مێژووی وەرزشیی عێراقدا.

لە رۆژانی رابردوودا هەردوو وەرزشوانی ناسراوی بەرزکردنەوەی قورسایی، ئیسماعیل مەولوود و عەلی محەممەد، بەشدارییان لە خولێکی پێشخستن کرد، کە لە ئوردن ئەنجامدراو تێیدا سەرکەوتووبوون، بەم هۆیەشەوە ئیسماعیل بڕوانامەی (ناوبژیوانی نێودەوڵەتی) و عەلی محەممەدیش بڕوانامەی (راهێنەری نێودەوڵەتی) یان وەرگرت.

ئیسماعیل مەولود پاڵەوانی پێشووی ئەو یارییە، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «بە فەرمی و لەسەر بانگهێشتی یەکێتیی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراق، من و هاوڕێم عەلی محەممەد بەشدارییمان لە خولێکی نێودەوڵەتی بۆ راهێنەران و ناوبژیوانان کرد، کە لە ئوردن لەلایەن یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی رۆژئاوای ئاسیا و بەسەرپەرشتی یەکێتی نێودەوڵەتی ئەو یارییە رێکخرابوو».

هەروەها گوتی «لە خولەکەدا نوێنەری 5 وڵات بەشداربوون، لە عێراقیشەوە 26 کەس لە راهێنەران و ناوبژیوانان بەشداربوون، کە لە کوردستانەوە من و عەلی محەممەد بەشداربووین».

ئیسماعیل هەروەها ئاماژەی بەوەدا، خولەکە زۆر سەرکەوتووبوو، کۆمەڵێک فاکتەری نوێی تێدا باسکرا، زۆر گۆڕانکاری لەرووی تەکتیک و مەشق و یاساکانی هونەری لە رووی نوێخوازی و سیستمی پاڵەوانیەتییەکان و رێکخستنی پاڵەوانیەتی تاوتوێی کرا.

ئیسماعیل مەولوود ئاشکرایکرد، شانازی بەوەدەکات وەک کوردێک بووەتە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و ئاماژەی بەوەدا، یاری بەرزکردنەوەی قورسایی لە دنیادا پێشکەوتنی تازەی بەخۆیەوەبینیوە، بە تایبەتی لە رووی سیستمی ناوبژیوانییەوە، گوتیشی «لەمەودوا لە عێراقیشدا کار بە سیستمی ئەلیکترۆنیی دەکرێت لە رووی ناوبژیوانییەوە، ئەمەش خزمەتێکی باش



بە یاریزانان دەکات لە کاتی پێشبڕکێیەکانداو تێستیش بە زمانی ئینگلیزی و زانستی کۆمپیوتەر بۆ هەموو ناوبژیوانان دەکرێت، چونکە لە یەکێتی نێودەوڵەتیی بەرزکردنەوەی قورسایی IWF بڕیاردراوە لەمەودوا هەموو وڵاتان دەبێت بۆ هەر پاڵەوانیەتییەک 4 ناوبژیوان ئامادەبکەن بۆ بەڕێوەبردنی رکابەرییەکان».

ئەو ناوبژیوانە، کە خاوەن هۆڵێکی پێشکەوتووی لەشجوانییە لە هەولێر، لەلایەن یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراقەوە بە نووسراوی فەرمی، کە بۆ یەکێتی نێودەوڵەتی ئەو یارییە نێردراوە، پاڵپشتیکراوە بۆ بوون بە نێودەوڵەتی و کارتی ناوبژیوانیی نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە.

سەبارەت بە هۆکاری سستی یاریزانان و یاری بەرزکردنەوەی قورسایی بە گشتی، بە تایبەتی لەم دواییەدا، ئیسماعیل مەولوود گوتی: «دەتوانم هۆکاری ئەمە بە پلەی یەکەم بخەمە ئەستۆی یاریزانان، دواتر بەرپرسانی بەرزکردنەوەی قورسایی لە هەولێر و کوردستان بەگشتی، کە هیچ کامیان ئامادەنین جەخت بکەنەوە لەسەر برەودان بەو یارییە، کە مێژوویەکی پڕ سەروەری هەیە، زۆر بەداخەوە ئەوەندەی کۆسپ هەیە، خزمەت نییە، لە زۆربەی یارییەکانی دیکەشدا بەهەمانشێوەیە، ئەو بەرپرسانەش دەستبەرداری پۆستەکانیان نابن، کە زۆر باشیش دەزانن نە یاریزان و نە راهێنەران و نە ناوبژیوانانیش لە کاری ئەوان رازی نین».

هەروەها گوتی «یاریزانانیش تۆمەتبار دەکەم، کە پێموایە زۆر خەمساردن، راستە لەرووی مادییەوە بەگشتی بارودۆخەکە خراپە، بەڵام کاتی خۆی سەرەڕای هەبوونی رژێمێکی دڕندە و زاڵم و نەبوونی دەرامەتێکی باش، بەڵام یاریزانان هەمیشە تۆمارکەری ریکۆردی نوێ بوون بۆ هەولێر و کوردستان، بۆیە نابێت یاریزانانیش دەستبەرداری سەروەرییەکان بن، هەروەک کاروانی پێش ئەوان، خاوەنی ئەو هەموو سەروەرییە بوون، کە هەموو خەڵکی هەولێر و کوردستان شاهیدی راستییەکانن».

عەلی محەممەد، کە بووەتە راهێنەرێکی نێودەوڵەتی، گوتی «لە رووی راگەیاندنەوە بەڕاستی گلەییەکی زۆر زۆرمان هەیە، کە بەبێ پەردە ئەوە دەڵێم هەندێک راگەیاندنکار چ لە رووی وەرزشی و لە رووەکانی دیکەش تەنیا خەریکی دیارخستنی کۆمەڵە کەسێکن، جا لە سیاسییەکان بن یان لەپەرلەمانتاران بن یانیش کەسانی حکومی و هەندێ بەرپرس، وەک بڵێی تەنیا ئەوانە دەتوانن قسە لەسەر بارودۆخی وڵات و وەرزش بە تایبەت بکەن، جا ئەو نهێنییە چییە، نازانین بۆ راگەیاندنکاران و پەیامنێرانمان، تەنیا چەند کەسانێک دەهێننە بەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان و پێیانداهەڵدەڵێن». هەروەها گوتی «من پێموایە پێویستیمان بە چاکسازی راستەقینە هەیە، راگەیاندنیش پێش هەمووان».

ئیسماعیل مەولوودیش هاودەنگیی خۆی لەگەڵ عەلی محەممەد دەربڕی، بە تایبەتی لە بابەتی راگەیاندندا، هەروەها گوتیشی «داوا دەکەم یاری بەرزکردنەوەی قورسایی لەبیرنەکرێت، چونکە پێشڕەوی هەموو یارییەکان بووە تا یاریزانانی هەولێر و کوردستان ریکۆردیان دەشکاند و سەرقافڵەی یارییەکانی دیکەبوون، کەس دیارنەبوو، بەڵام ئێستا لە سایەی گرنگینەدانی بەرپرسە وەرزشییەکان و راگەیاندن بەتایبەت، یارییەکە رووەو لاوازی چووە».

## بۆ وەرزشوانانی ئەو شارە..

# پارێزگاری نوێ سلێمانی دەکاتە شامی شەریف



**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

پارێزگاری نوێی سلێمانی بەڵێنی چارەسەری سەرجەم گرفتەکانی وەرزشکارانی شارەکەی دەدات و دەڵێت بەرنامەی نوێمان پێیە.

د.ئاسۆ فەرەیدوون عەلی، تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) گوتی «گەنج و وەرزشکاران جگە لەوەی خۆشەویستی ئێمەن، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لە خزمەتیاندا بین «. هەروەها گوتیشی «لە بەرنامەماندایە دیداری راستەخۆیان لەگەڵدا بکەین و لە نزیکەوە گوێ لە سکاڵا و پێشنیازەکانیان بگرین و کێشەکانیان چارەسەر بکەین». پارێزگاری سلێمانی لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی «ئێمە لە رۆژانی داهاتوودا، ژمارەی تەلەفۆنی راستەوخۆ و خشتەی هەفتانەی دیدار و ئادرەسی مایڵەکانمان بڵاودەکەینەوە، ئەوکات دەرگامان کراوەیە بۆ هەموو لایەک».

لە سەردەمی پارێزگای پێشووی سلێمانی چەندین یاریزان و تیپی پاڵەوان لە شاری سلێمانی ئەنجامی گەورەیان بەدەستهێنا، بەڵام لە چەندین دیدار و لێدوانی تایبەتیاندا بۆ (رووداوی وەرزشی) رەخنەیان لەوە دەگرت کە لە لایەن بەرپرسانەوە پشتگوێ خراون و ئەنجامەکەنیان دەستخۆشکەر نەبووە.



وەک بڵێی ساڵی 2014 ساڵی شوٌم بێت بۆ ئەفسانەکانی تۆپی پێ، چونکە لەو ساڵەدا 8 یاریزانی ئەفسانە بە یەکجاری وازیان لە یاریکردن هێنا. کە بریتین لە هەریەک لە رایان گیگزی وێڵزی، جۆنینهۆ و ریڤاڵدۆی بەرازیلی. خوان سیباستیان ڤیرۆن و خافێر زانێتی ئەرجەنتینی، کلارنس سیدۆرفی هۆڵەندی، کارلس پویۆلی ئیسپانی و تێری هێنری فەرەنسی. کە هەریەک لەم ئەستێرانە مێژوویەکی پڕ لە شانازی و دەوڵەمەندی هەیە لە دەستکەوت و نازناوەکان.

«بەراوردکردنی میسی لەگەڵ زێدان گاڵتەجاڕییە»

# شەڕی ئەمجارەی کەتەلۆنییەکان و مەدریدییەکان لەسەر میسی و زێدانە





**ئا: ئیحسان تاهیر**

کەتەلەنییەکان دەڵێن «لیۆنێل میسی باشترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێدا». بەڵام مەدریدییەکان ئەو قسەیان پێ راست نییە و دەڵێن «نەک هەر زێدان لە میسی باشترە، بەڵکو بەراوردکردنی میسی لەگەڵ زێدان گاڵتەجارییە».

بەمدواییە لەلایەن زۆر لە یاریزان و راهێنەران و دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانەوە، بە تایبەتیش لە هەرێمی کەتەلۆنیا باس لەوە دەکرێت کە لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی باشترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێی جیهاندا، مەدریدییەکانیش گاڵتەیان بەو قسانە دێت و دەڵێن هەرگیز میسی ناگاتە ئاستی زینەدین زێدانی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسا، کە چەند ساڵێک یاری بۆ یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کردووە.

رۆژنامەیەکی کەتەلۆنی نووسیبووی «لەوانەیە هەندێک کەس تێبینییان لەسەر ئەوە هەبێت، ئەگەر بڵێین میسی لە مارادۆنا و پێلێ باشترە، بەڵام کەس لاری لەوە نییە کە میسی بە یاریزانی وەک زینەدین زێدان و رۆناڵدۆی پورتوگالی بەراورد ناکرێت و زۆر لەوان باشترە». ئەمەش مەدریدییەکانی تووڕەکردووە و ئەوان لە وەڵامی کەتەلۆنییەکاندا دەڵێن «بە پێچەوانەوە نابێ میسی لەگەڵ زینەدین زێدان بەراورد بکرێت». لەو بارەوە لە بەرنامەی پینتۆ پیلۆتادا، کە بەرنامەیەکی مەدریدی زۆر بەناوبانگە، پێشکەشکاری بەرنامەکە بەرپەرچی ئەوەی دایەوە کە لیۆنێل میسی باشتربێت لە زینەدین زێدان و بە گاڵتەجارییەوە گوتی «بەڕاستی بەراوردکردنی میسی لەگەڵ زێدان گاڵتەجارییە». ئینجا گوتیشی «هەر کاتێک میسی توانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بگەیەنێتە یاری کۆتایی مۆندیال و لەو کۆتاییەشدا توانی 2 گۆڵ تۆماربکات، بە مەرجێک تیپی بەرامبەر هەڵبژاردەی بەرازیل بێت، ئەوکاتە دەکرێ قسەیەک لەسەر ئەو بەراوردکردنە بکەین، بەڵام تاوەکو ئەوکاتە نا».

ئەوەی جێگەی سەرەنجە، مەدریدییەک لەم بارەوە پشتیوانی لە بۆچوونەکەی کەتەلۆنییەکان سەبارەت بە میسی دەکات و پێیوایە گاڵتەجارییە هەر یاریزانێکی دیکە بە میسی بەراورد بکرێت. ئەویش رۆد ڤان نیستلرۆی هێرشبەری بەناوبانگی پێشووی هەڵبژاردەی هۆڵەندایە، کە چەندین ساڵ یاری بۆ یانەی ریال مەدرید کردووەو چەندین گۆڵی بۆی تۆمارکردووە. ئەو بە شێوەیەکی زۆر پیشەگەرانە دەڵێت «لە هیچ زمانێکدا بەشی ئەوەندە وشە نییە وەسفی میسی پێبکەی، ئەو بە بێ رکابەر باشترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێدا».

رۆد ڤان نیستلرۆی، بەوە ناسراوە کە هەمیشە پەسنی میسی دەدات، سەرەڕای ئەوەی ساڵانێک رکابەری یەکدی بوونە، تەنانەت جارێکیان رۆژنامەنووسێک لێیپرسی بوو کریستیانۆ رۆناڵدۆ یان رادامیل فالکاو یان لیۆنێل میسی، کامیان باشترە؟، ئەویش لە وەڵامدا پێیگوتبوو «بەداخەوە رۆژنامەنووسان ستەم لە میسی دەکەن، چۆن دەبێ ناوی یاریزانێکی دیکە پێش میسی بێنن. بڵێ میسی باشترە یان فلانە یاریزان، نەک بە پێچەوانەوە، چونکە نەک هەر نابێت میسی لەگەڵ کەس بەراورد بکرێت، بەڵکو نابێ ناوی کەسیش لە پێش ناوی ئەو بێنن».

خۆیشی بە منداڵی ماسیفرۆش بووە..

# چیدی دایکی سانچێز پێویستی بە ماسی فرۆشتن نییە

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

پێگەی دایلی مەیلی بەریتانی راپۆرتێکی لەسەر ئەلێکسس سانچێزی یاریزانی چیلیی یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی بڵاوکردووەتەوەو تێیدا باسی ئەو گۆڕانە دەکات کە بەهۆی بوونی سانچێز بە ئەستێرەیەکی بەناوبانگ بەسەر ژیانی خۆی و خێزانەکەیدا هاتووەو تێیدا نووسراوە «چیدی دایکی سانچێز پێویستی بە ماسی فرۆشتن نییە».

پێگەی دایلی مەیلی بەریتانی راپۆرتێکی لە بارەی یاریزانی یانەی ئارسناڵ ئەلیکسیس سانچێز ئامادەکردووە، کە تێیدا هاتووە ئەو یاریزانە سەردانی شارۆچکەکەی خۆی لە تۆکۆبیلا لە باکووری چیلی کردووە و 5 یاریگەی ئامادەکراوی بە چیمەنی دەستکرد کردووەتەوەو وەک دیاری بە خشیوە تە رۆڵەکانی شارۆچکە بیابانییەکەی، کە لەوێ گەورە بووە». هەروەها سانچێز ئەو یاریگانەی کردووەتە دیاری و ئێستا چەندین گەنجی ئەو شارۆچکەیە بەهۆی ئەو یاریگانەوە یاری تۆپی پێ دەکەن، هەرچەندە بێسبۆل یاری یەکەمی شارۆچکەکەیەتی.

لە راپۆرتەکەی دایلی مەیلدا باسی ئەوەش هاتووە کە دایکی سانچێز رازی نییە ماڵە کۆنەکەی خۆی جێبێڵێت هەرچەندە کوڕەکەی دەوڵەمەندیش بووەو نووسیویەتی «دایکی سانچێز هەر لە ماڵە کۆنەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئێستا پێویستی بەوە نەماوە رۆژانە ماسی بفرۆشێت بۆ ئەوەی خواردن بۆ خۆی دابین بکات، کە سانچێزی کوڕیشی پێشووتر هەمان کاری دەکرد».



نهێنی ئەستێرەیەک..

# هێنری رێگەی گۆڵی پێنەدەزانی



**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

بێنە بەرچاوی خۆت یاریزانی فەرەنسی تێری هێنری، رازی نەدەبوو وەک هێرشبەر یاری بکات، چونکە نەیدەزانی گۆڵ تۆماربکات، بەڵێ ئەوە بەڕاستی روویداوە و ئارسین ڤینگەری راهێنەری ئارسناڵ ئەو نهێنییەی ئاشکراکردووە.

هێنری بە یەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا دوای چەندین ساڵ مانەوە لە نێو یاریگەکان. ئەستێرەیی هینری بەهۆی ئارسین ڤینگەری راهێنەری فەرەنسی یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی لە ئاسمانی ئەورووپا درەوشایەوە، چونکە ڤینگەر هەر زوو چاوی خستبووە سەر هێنری و لە یانەکانی مۆناکۆ و یوڤانتۆس چاودێری دەکرد، تاوەکو توانی لە ساڵی 1999 پەلکێشی ئارسناڵی بکات. هێنری پێش ئەوەی بچێتە ئارسناڵ لە باڵەکان یاری دەکرد، بەڵام ڤینگەر ئەوی کردە هێرشبەری سەرەڕم، هێنری زۆر لە گۆڕینی شوێنی یاریکردنی دەترسا، ڤینگەر لەم بارەوە دەڵێت «کاتێک بە هێنریم راگەیاند کە وەک هێرشبەر یاری پێدەکەم، زۆر ترسا و گوتی «بەڕێز ئارسین نازانم چۆن گۆڵ تۆماربکەم». ڤینگەر ئەوکات سوور بووە لەسەر ئەوەی هێنری وەک هێرشبەر یاری بکات، بۆیە بەهۆی ئەو سووربوونەی ڤینگەرەوە تێری هێنری بووە ئەو هێرشبەرە گۆڵکارەی کە هەمووومان دەیناسین.

تێری هێنری، لە ژیانی وەرزشی خۆیدا 411 گۆڵی لە 917 یارییدا تۆمارکردووەو بێجگە لە هەڵبژاردەی فەرەنسا، بۆ 4 یانەی گەورەو بەناوبانگی ئەورووپی یاریکردووە، هەریەک لە یانەکانی مۆناکۆی فەرەنسی، یوڤانتۆسی ئیتاڵی، ئارسناڵی ئینگلیزی و بارسیلۆنای ئیسپانی. لە دوا وێستگەی کاروانی وەرزشیی خۆیشیدا یاری بۆ یانەی نیویۆرک رێد بۆڵزی ئەمریکی کرد.

# نەورۆزی ئەمساڵ بۆ ئێنریکی ناخۆش دەبێت



**ئا: رووداوی وەرزشی**

هاندەرانی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی گاڵتە بە لویس ئێنریکی راهێنەری یانەکەیان دەکەن و دەڵێن «لە رۆژی 2015/3/21دا ئێنریکی لە مەشقەکانی یانەی بارسیلۆنا دەردەکرێت».

دوای ئەنجامدانی تیروپشکی گەڕی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، کە تێیدا دەرکەوت بارسیلۆنا رووبەڕووی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی دەبێتەوەو ئاشکراکرا کە یاری گەڕانەوە لە رۆژی 18 مانگی ئاداری داهاتوو دەبێت، ئەو رێکەوتەش مانای قەیرانی لوتکەکانە بۆ بارسیلۆنا، چونکە تەنیا دوای 3 رۆژ لەو رێکەوتە بارسیلۆنا یاری قۆناخی گەڕانەوەی کلاسیکۆ بەرامبەر ریال مەدرید ئەنجام دەدات. بۆیە ئاستی ناجێگیری بارسیلۆنا و بێ متمانەیی هاندەران بە راهێنەر لویس ئێنریکی، وای لە هاندەرانی بلاوگرانا کردووە گاڵتە بە خشتەی یارییەکان بکەن و لە رێگەی ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وێنەیەکی کاریکاتۆری بڵاوبکەنەوە، کە باس لە دوورخستنەوەی ئێنریکی لە دوای ئەو یارییانە دەکات و نووسیویانە 2015/3/21 دوا رۆژی ئێنریکییە لە بارسیلۆنا، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی ئەگەر بارسیلۆنا لەسەر دەستی مانچستەر سیتی لە چامپیۆنسلیگ دەرکراو ریال مەدریدیش کلاسیکۆی لێبردەوە، بەرپرسانی ئەو یانەیە ئێنریکی ناچاردەکەن دەستلەکاربکێشێتەوە».

کەواتە نەورۆزی داهاتوو بۆ ئێنریکی زۆر ناخۆش دەبێت، بە پێچەوانەی کورد، کە چاوەڕوان دەکرێت بەهۆی سەرکەوتنی یەکجارەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر تیرۆریستانی داعشدا نەورۆزێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی بێت بۆ کورد.



## رازییە

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ئاشکرایکرد کە سامی خدێرەی یاریزانی ئەڵمانی رازی بووە بچێتە ریزەکانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی و لەو بارەوە نووسیویەتی «یۆرگ فۆلکەری بەڕێوەبەری کارەکانی خدێرە بەر لە چەند رۆژێک بەرپرسانی یانەی ریال مەدریدی لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە مەحاڵە خدێرە لەم زستانەدا لەو یانەیە بمێنێتەوەو پێیگوتوون کە گرێبەستێکی گرانبەها لەلایەن یانەی مانچستەر یونایتدەوە پێشکەشی کراوەو خدێرەش رازی بووە بەرامبەر 18 ملیۆن یۆرۆ بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو بچێتە ریزەکانی ئەو یانە ئینگلیزییە».



هەموو جیهان دەزانێت ئەو لە بۆسکێس باشترە..

# ماسکیرانۆ راهێنەرەکەی شەرمەزارکردووە

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

چاودێران پێیانوایە ئەگەر خافیێر ماسکیرانۆی یاریزانی ئەرجەنتینی لە هێڵی ناوەڕاست یاری بکات، یەکێکە لە باشترین یاریزانانی جیهان لەو شوێنەی یاریکردن، بۆیە لویس ئێنریکی راهێنەری خۆی لە بارسیلۆنا شەرمەزارکردووە کە لەو شوێنە یاری پێناکات.

ئەوکاتەی پیپ گواردیۆلا راهێنەری بارسیلۆنا بوو، خافیێر ماسکیرانۆی کردە دڵی بەگری هەرچەندە خۆی لە بنەڕەتدا یاریزانی چەقە، لەگەڵ ئەوەشدا ماسکیرانۆ بووە کۆڵەگەیەکی سەرەکی هێڵی بەرگری بلاوگرانا. دوای رۆیشتنی گواردیۆلا و هاتنی تیتۆ ڤیلانۆڤا و تاتا مارتینۆ، هەر وەک بەرگریکار مایەوە، هەتا لەگەڵ هاتنی ئێنریکیش ماسکیرانۆ لە شوێنەکەی خۆی مایەوە، بەڵام هەر کاتێک ماسکیرانۆ لە ناوەڕاست یاری بکات، دەیسەلمێنێ ئەگەر لەو شوێنە یاری بکات سوودی زیاتری بۆ تیپەکەی دەبێت. مۆندیالی 2014ش باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم راستییە.

### ژمارەکانی شایەدی بۆ دەدەن

ئامار و ژمارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ماسکیرانۆ لە ناوەڕاستدا ئاسوودەترە و ئاستی بەرزترە، ئەمەش بە روونی لە یاری پاریس سانجێرمان لە چامپیۆنسلیگ دەرکەوت، ماسکیرانۆ لەو یارییەدا لە کۆی 67 پاس 65 پاسی دروستی بە رێژەی 97%دایە هاوڕێیەکانی، ئەو بەهۆی پاسەکانی هۆکارێکی سەرەکی بردنەوەی تیپەکەی بوو، ئەمەش کاندیدی دەکات بگەڕێتەوە هێڵی ناوەڕاست.

### بۆسکێس لادەبات

چاودێران پێیانوایە ئاستی بۆسکێس کە یاریزانی چەقە دابەزیووە و ئاستی سەردەمی گواردیۆلای نەماوە، بۆیە لەگەڵ درەوشانەوەی ماسکیرانۆ لە ناوەڕاستدا، لەوانەیە ببێتە رکابەرێکی سەرسەختی بۆسکێس لە ناوەڕاستی یاریگەدا، هەرچەندە بۆسکێس لەو ساڵانەی دواییدا کەس نەبوو رکابەری بکات، بەڵام لەوانەیە ئەو ئاستەی ماسکیرانۆ لە ناوەڕاستدا لویس ئێنریکی راهێنەر شەرمەزاربکات و لە کۆتاییدا ناچاری بکات هەندێ بڕیاری قورس دەربکات، ئەویش دانیشاندنی بۆسکێسە لەسەر کورسی یەدەگەکان، بۆ ئەوەی هانی بدات کاری زیاتر بکات و هەوڵی وەرگرتنەوەی شوێنەکەی خۆی بدات، ئەمەش بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی بارسیلۆنا دەبێت. لەو بارەوە یەکێک لەو چاودێرانە دەڵێت "هەموو جیهان دەزانێت کە لە هێڵی ناوەڕاستدا ماسکیرانۆ لە بۆسکێس باشترە".



یایا تۆرێ..

# ئەو یاریزانە موسڵمانەی ژن و ناوبانگ کاریان لێینەکردووە

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

یایا تۆرێ، یاریزانی کوتدیڤواری یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی لەناو یاریگەکاندا چەندە بەناوبانگە بەهۆی ئاستبەرزی خۆی، هێندەو زیاتریش لە دەرەوەی یاریگەکان ناودارە بەهۆی رەوشتبەرزی و رەفتارە جوانەکانی خۆی.

### پابەندو رەوشتبەرزە

تۆرێ ژیانێکی هێمن و دوور لە ژاوەژاوی ناوبانگی و زوومی (پاپاراتزی) دەژی، زۆر شەیدای دەستگرتنە بە داب و نەریتی و هاوبەندی خێزانی، هەموو رێزی دەگرن، تەنانەت رۆژنامە زەردەکانیش. رقی لە ژیانی شەو و شەونخۆنی لە شوێنی خراپە، کە ئەستێرەکانی تۆپی پێ لەسەرتاسەری جیهان ئالوودەی بوونە. بەڕاستی وێنەی یاریزانی پابەندی نیشانداوە و بووەتە نموونەی دسپلین و دەستگرتن بە ناسنامەوە، وەک رۆژنامەکان دەریانخستووە زۆر شەیدای هاریکاری و کاری چاکەیە و بەردەوام پارە دەبەخشێتە کۆمپانیای PUMA کە چاودێری منداڵ و هەتیووەکان دەکات لە خۆرئاوای کیشوەری ئەفریقیا.

### هاوسەرەکەی و منداڵەکانی هێڵی سوورن

پارە و ناوبانگ ئاکار و خەسڵەتەکانی ئەو ئەستێرە کوتدیڤوارییەیان نەگۆڕیوە، کە هێشتا ئەو ئەفریقییە دەستی بە داب و نەریتی وڵات و نەتەوەکەی گرتووە. هەروەها ژیانی بەر رووناکی و قەرەباڵغی کچە جوان و نمایشکارەکانی جل و بەرگ کاریان تێینەکردووە و بەردەوام بۆ هاوسەرەکەی بە وەفا و بە ئەمەکە. تاوەکو ئێستا هیچ رۆژنامەیەکی زەرد چەندی چەپەڵیش بێت، نەیتوانیووە دەست لە ژیانی تایبەتی یایا تۆرێ وەربدات، تاوەکو ئێستا هیچ رۆژنامەیەک باسی لەوە نەکردووە تۆرێ شەیدای ژنان بێت، یان وەک هاوڕێکانی دۆستی مێینەی هەبێت، چونکە هاوسەرەکەی و دوو منداڵەکەی هەموو ژیانیان داگیرکردووە، ئەمەش لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەفریقی رەنگی دایەوە، کاتێک هاوسەرەکەی و دوو منداڵەکەی بە نهێنی سەرکەوتنی خۆی زانی، ئەمەش وایکرد ئامادەبووان بە توندی چەپڵەی بۆ لێبدەن.

### ئایین پەرستە


بێجگە لەوەی هۆکارێکی سەرەکی ئەو رەوشتبەرزییەی تۆرێ، پابەندبوونیەتی بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە رەسەنەکانی ئەفریقیا، هەروەها پابەندبوونیشی بە ئایینی ئیسلام هۆکارێکی دیکەی سەرەکی ئەو رەفتار جوانییەی تۆرێ یە، کە بە شایەتی زۆر لە هاوڕێکانی "تۆرێ بە شێوەیەکی باش پابەندە بە سرووت و ئەرکە ئایینییەکانی ئیسلام، وەک قورئان خوێندن و نوێژکردن و رۆژووگرتن".

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



ئاستی بارسیلۆنا لەسەر دەستی ئێنریکی هێندە خراپ بووە وادەزانی یاریزانەکانی لە تەمەنی40 ساڵیدا یاریدەکەن یان یاریزانە پیرەکانن یارییەکی خێرخوازی ئەنجامدەدەن

سانتی نۆلا
(رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیسپانی)



خۆزگە من لیۆنێل میسی بام نەک ئەنتۆنیۆ، چونکە گەورەترین خەون کە مرۆڤ لە دونیادا هەیبێت ئەوەیە کە میسی بێت

ئەنتۆنیۆ ئۆروزکۆ
(گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئیسپانی)



بێجگە لەوەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە دوایین دوو ساڵدا ئاستی زۆر بەرزبووەتەوە، لە رووی رەفتار و هەڵسوکەوتی ناو یاریگەشدا زۆر باشبووە

ڤیلاس بواش
(راهێنەری یانەی زینت)



باشترین دوو هێرشبەر لە مێژووی تۆپی پێدا رۆناڵدۆی بەرازیلی و میسیین، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەک یاریزان میسی باشترین یاریزانە لە هەموو مێژوودا

داڤید سیڵڤا
(یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی)



ئەگەر ئەستێرەکانی مانچستەر سیتی تووشی پێکان نەبن، دڵنیام دەتوانن بارسیلۆنا لە چامپیۆنسلیگ دەربکەن


پۆل سکۆلز
(یاریزانی پێشووی یانەی مانچستەر یونایتد)



کارلۆ ئەنچیلۆتی بێجگە لەوەی ریال مەدریدی بەهێزتر کردو یارییەکەی جوانتر کرد، ئەو یانەیەشی لە شەڕێکی ناوخۆیی رزگارکرد

داڤید ئەلۆنسۆ
(رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیسپانی)

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (331) سێشەممە 2014/12/23



## ڕازی نییە

ئەلیکساندەر سۆنگی یاریزانی کامیرۆنی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، کە ئێستا بەشێوەی خواستن یاری بۆ یانەی وێستهامی ئینگلیزی دەکات، بە ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ڕاگەیاند کە ڕازی نییە دوای تەواوبوونی ماوەی خواستنی بگەڕێتەوە ریزەکانی بارسێلۆنا و لەو بارەوە گوتی «ڕازی نیم بگەڕێمەوە بارسێلۆنا، دەمەوێ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ وێستهام بمێنمەوە، بەڵام ئەگەر ئەوەش ڕووینەدا هەر ناگەڕێمەوە بارسێلۆنا، چونکە چەند یانەیەک لە خولەکانی ئیتاڵیا و فەرەنسا و تورکیا دەیانەوێ یارییان بۆ بکەم، ئەوکات یەکێکیان هەڵدەبژێرم».

## 81 گەڕان بەدوای یاریزانانی کورد لە هەندەران

لـە ئەوروپا و زۆر شـوێنی دیکەی جیهانـدا بەهرەی وەرزشـیی کورد زۆرن، بەتایبەتیش بەهرەی تۆپی پێ، کە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانەیە هێشتا زۆر لە خەڵکی کوردستان ئاشنایەتی لەگەڵیاندا نەبێت. بەتایبەتیش کە زۆر لەو بەهرانە لە هەندەران لەدایکبوونە یاخود بە منداڵیی لەگەڵ خێزانەکانیان لە کوردسـتانەوە بەرەو هەندەران کۆچیان کردووەو لەوێ پێگەیشـتوون. (ئەیاس لێڕی) بە هاوکاری (ڕووداوی وەرزشـی) ئەرکی گەڕان بەدوای ئەو بەهرانەی لەئەستۆگرتووە. کە پەنا بەخوا لەهەر ژمارەیەکی (ڕووداوی وەرزشی)دا یەکێک لەو بەهرانە بە خوێنەران دەناسێنین.

ئا: ئەیاس لێڕی



ناو: نور تەتەر
بەرواری لەدایکبوون: 16/8/1992
شوێنی لەدایکبوون: وان ـ باکووری کوردستان
بەرزی باڵا: 183 سانتیمەتر

## نور تەتەر..
# ئەو کچە کوردەی باشترینی جیهانە

نـور تەتەر، کچـە کوردێکـی خەڵکی شـاری وانی باکـووری کوردسـتانە، ئەو یاریزانـی یـاری تایکواندۆیـە و خاوەنـی چەندین میدالیای جۆراوجۆرە.

نـور تەتـەر، لـە تەمەنی 15 سـاڵیدا یەکەمیـن میدالیـای لەملکـرا، کاتێـک بەشداری لە پاڵەوانیەتی لاوانی ئەورووپای 2007ی باکـۆی پایتەختـی ئازەربایجان کـردو میدالیـای بڕۆنزی لە کێشـی خوار 57 کیلۆگرام لەملکرا، هەروەها لە هەمان پاڵەوانیەتیـدا و لـە سـاڵی 2009 لـە شـاری تریلیبۆرگی سـوێدی پلەی یەکەم و میدالیـای زێـڕی لە کێشـی خـوار 68 کیلۆگرام بەدەستهێنا.

هەروەهـا ئـەو کچـە کـوردە لـە پاڵەوانتیەتی ئەورووپـای 2009دا، کە لە شـاری ڤیگۆی ئیسـپانیا بەڕێوەچوو، لە کێشـی خـوار 67 کیلۆگرامـی، میدالیای زێـڕی بـردەوەو لـە سـاڵی 2010یشـدا لە شـاری خارکۆڤـی ئۆکرانیـا میدالیای زێـڕی لـە کێشـی خـوار 67 کیلۆگرامی بەدەستهێنا.

هەروەهـا لـە پاڵەوانیەتی کراوەی خـوار کێشـی 63 کیلۆگرامـی، کـە سـاڵی 2008 لـە بەلجیکا ئەنجامـدرا، نـور میدالیـای زێـڕی بـردەوە. هەروەهـا ساڵی 2009 لە پاڵەوانیەتی کـراوەی ئیسـپانیا، لە کێشـی خوار 67 کیلۆگرامـی میدالیـای بڕۆنزی بـردەوەو سـاڵی 2011ش لـە پاڵەوانیەتی کراوەی سـوێد میدالیای بڕۆنزی لە کێشـی خوار 67 کیلۆگرامی دەسـتەبەرکرد. لە هەمان ساڵدا لە پاڵەوانیەتی کراوەی ئەڵمانیا لە کێشـی سەرووی 73 کیلۆگرامی میدالیای زێڕۆ و لە کێشـی خـوار 67 کیلۆگرامیش میدالیای زێڕی بەدەسـتهێنا. هەروەها لە سـاڵی 2012 لـە هەمـان پاڵەوانیەتی و هەمان کێشـدا میدالیای بڕۆنزی لەملکرا. لە پاڵەوانیەتی کراوەی کێشـی خوار 67 کیلۆگرامیش لە ئینگلتەرا میدالیای زیوی لەملکرا.

نـور تەتـەر، کـە ئێسـتا تەمەنـی 22 سـاڵە، لـە چنینـەوەی نازنـاوەکان بەردەوامـەو لـە پاڵەوانیەتـی کـراوەی ئەڵمانیـای 2013دا لە کێشـی خوار 73 کیلۆگرامی میدالیای زێڕی دەستەبەرکردو لە هەمان پاڵەوانیەتیدا لە کێشی خوار 73 کیلۆگرامی میدالیای زیوی بەدەسـتهێناو دواتریش جارێکی دیکە لە سوێد لە کێشی خوار 67 کیلۆگرامیدا میدالیای زێڕی لەملکرا.

نـور تەتـەر، بەشـێوەیەکی گشـتی 10 میدالیای زێڕ و 4 میدالیـای زیو و 4 میدالیای بڕۆنزی لەملکراوە.




## لە دەروە و ناوەوەی یاریگە سەرشێتە..
# باڵۆتێلی سامانەکەی تەخشان و پەخشان دەکات



**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

ماریۆ باڵۆتێلی، هێرشبەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و یانەی لیڤەرپووڵی ئینگلیزی مشـتومڕهێنەترین یاریزانـی جیهانـە، لـە دەرەوەی یاریگـەش هەمـان خەسـڵەتی هەیـە و بـە چالاکـی و هەڵسـوکەوتی سەرشـێتانە ناسـراوە، کە هەندێجار بە ملیۆنەها دۆلاری لەسەری دەکەوێ.

ئـەو یاریزانە داهاتێکی زۆری دێتە دەسـت و سـامانێکی زۆری کۆکردووەتەوە، بەڵام تەخشـان و پەخشانی دەکات و پارەیەکی زۆریشـی بەهۆی کارە سەرشـێتییەکانی لەدەست دەچێت.

باڵۆتێلی بەمشێوەیە سامانە زۆرەکەی خەرج دەکات:

* باڵۆتێلی بەگوێرەی گرێبەستە نوێیەکەی لەگەڵ یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، ساڵانە 6 ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێ.

* لـە دەرەوەی یاریگەش لە ڕێگەی گرێبەسـتێک لەگەڵ کۆمپانیای پومای ئیتاڵی بۆ کەل و پەلی وەرزشی پارەیەکی زۆری دەستدەکەوێ.

* کۆمپانیاکانی پوما، ئەدیداس و نایکی لە ساڵی 2013 بۆ گرێبەسـتکردن لەگـەڵ ئەو یاریزانە لـە ڕکابەریدا بوون، بەرلەوەی لەگەڵ پوما ڕێککەوێ.

* بە بەهاترین یاریزانی خولی ئیتاڵیا دادەنرا، بەر لەوەی بچێتە لیڤەرپووڵ، لەسـەر ئاسـتی جیهانیـش لە پلەی 21 دابوو.

* لـە تەمەنـی 23 سـاڵیدا بـووە بەناوبانگترین یاریزانی ئیتاڵیا و مشـتومڕهێنترینیش. ئێستاش پێشـبینی دەکرێت لـە خولی پریمەرلیگـی ئینگلیزیـدا ئەو نازناوە لەدەستنەدات.

* بەوە ناسـراوە کە پارەیەکی زۆر لە کڕینی ئۆتۆمبێلی گرانبەهـا خـەرج دەکات، وەک فیـراری، پینتلـی، ئۆدی و مازاراتی.

* جارێکیـان ئۆتۆمبێلێکـی جـۆری پینتلی هاوشـێوەی ئۆتۆمبێلی سەربازی بە دیاری دایە هاوڕێیەکی.

* ئەوکاتـەی لە یانەی مانچسـتەر سـیتی ئینگلیزی بوو ڤێلاکەی بە 3 ملیۆن دۆلار بەکرێ دابوو.

* خانووەکەی لە میلان نافورەیەکی لە زێڕ دروستکراوی تێدایە، لەگەڵ پەیکەرێکی خۆی بە قەبارەی تەواو.

* ماڵپەڕی CAUGHTOFFSIDE ئاشکرایکرد کە باڵۆتێلی دوای ڕۆیشـتنی بۆ لیڤەرپوول ڤێلایەکی سەسـوڕهێنەری بە 7.5 ملیـۆن پاوەند کڕیوە، هەموو جۆرە پێداویسـتییەکانی ڕابواردنـی تێدایـە، ڕووبەرێکی زۆر بەرفراوانی سـەوزایی و یاریگەیەکـی تۆپـی پـێ و حەوزێکـی گـەورەی مەلەوانـی لەخۆدەگرێـت. تەنانەت فڕکەخانەیەکـی بچووکی تێدایە بۆ نیشتنەوەی هێلیکۆپتەر.

* جارێکیان بڕی 200 هەزار دۆلاری وەک سزا دایە یانەی مانچستەر سیتی بەهۆی چوونی بۆ یانەیەکی شەوانە بەر لە یارییەکی گرنگی تیپەکەی.

* تەنیـا لە ئینگلتەرا بەهۆی ئەنجامدانی 27 سـەرپێچی لە یاساکانی هاتوچۆ بڕی 16 هەزار دۆلاری وەک سزا داوە.

* باڵۆتێلـی ئێسـتا پەیوەنـدی لەگەڵ نمایشـکاری جل و بەرگـی بەلجیکـی، ڤانـی نیگۆشـا هەیـە، کـە بێگومان خەرجییەکانی ئەویشی زۆر لەسەر دەکەوێ.

## تاوەکو ئێستای ئەم وەرزە..
# لۆڕێس باشترین گۆڵچی جیهانە

**ڕووداوی وەرزشی ـ DAILY MIRROR**

بـە پێـی لێکۆڵینەوەیەکـی نـوێ کـە ماڵپـەڕی هـۆ سـکۆردی بەناوبانـگ ئەنجامـی داوە دەرکەوتـووە کـە هۆگۆ لۆڕێسـی گۆڵچی هەڵبژاردەی فەرەنسـا و یانـەی تۆتنهامـی ئینگلیـزی تاوەکـو ئێسـتای ئـەم وەرزە باشـترین گۆڵچی جیهانە.

هەرچەندە ڕۆژنامەکانی ئینگلتـەرا هەڵمەتێکی بەرفراوانیان دەسـتپێکردووە بـۆ پێداهەڵگوتنـی دیڤیـد دیخیـای گۆڵچـی ئیسـپانی یانـەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی و بە باشترین گۆڵچی ئەمساڵی خولـی پریمەرلیگ و هەموو جیهانیش وەسـفی دەکەن، بەڵام بـە گوێـرەی ئـەو لێکۆڵینەوەیـە کە پشـتی بە ئامـارەکان و چەندینـی پێـوەر بەسـتووە، وەک ڕێژەی گـۆڵ لێبوون و ژمـارەی بەرپەچدانەوەکانی و گەڕاندنەوەی تۆپە بەرزەکان و تەنانـەت چۆنیەتی مامەڵەکـرن لەگەڵ تۆپەکان بە قاچەکانی و ڕێنماییکردنـی بەرگریکارەکانی و چەندین پێوەری دیکەش، دەرکەوتووە کە تاوەکو ئێسـتای ئەم وەرزە، هۆگۆ لۆڕێسـی گۆڵچی فەرەنسی یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی باشترین گۆڵچییە لـە جیهانـدا بە کۆکردنـەوەی 6.79 خاڵ لە 10 خاڵ. دوای ئەویـش تیبـۆ کۆرتوای گۆڵچـی بەلجیکی یانەی چێڵسی ئینگلیزیش بە کۆکردنەوەی 6.77 خاڵ لە پلەی دووەم دێت، ئینجا دیڤید دیخیای گۆڵچی ئیسپانی یانەی شـەیتانە سـوورەکان بە کۆکردنەوەی 6.75 خاڵ پلەی سـێیەمی گرتووە. ئەمە لـە کاتێکدایە کـە ئینگلیزەکان پێیانوایە دیخیا بە بێ ڕکابەر باشـترین گۆڵچی ئێسـتای جیهانـە، کە بە پێی ڕاپرسـییەکی بەرفراوانـی ڕۆژنامەی دەیلـی میـرۆری ئینگلیـزی دەرکـەوت کـە 63 %ی ئینگلیزەکان پێیانوایە دیخیا باشـترین گۆڵی پریمەرلیگ و هەمـوو جیهانە. جێی سـەرەنجە، بە پێـی لێکۆڵینەوەکەی ماڵپەڕی هۆ سـکۆردی بەناوبانگ، هەرسێ باشترین گۆڵچی ئێسـتای جیهان لە خولی پریمەرلیگی ئینگلیزی یاریدەکەن، بەڵام کەسیشیان ئینگلیز نییە.





کریسـتیانۆ ڕۆناڵـدۆ بردنـەوەی جامی جیهانی یانەکانی لـە هاوڕێکانی ناشیرین کردو هەرگیز شایەنی ئەوەش نەبوو بکرێتە دووەم باشـترین یاریزانی پاڵەوانیتییەکە

میشێل پلاتینی
(سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا)



ئەلیکسـس سـانچێز تەنیـا پیاوی یارییـە بچووکەکانـە، کاتێـک لەگـەڵ یانەیەکی بچووک یاریدەکات وەک پاڵەوان خۆی دەردەخات، بەڵام بەرامبەر گەورەکان بزر دەبێت

جۆی بارتۆن
(یاریزانی یانەی کوینز پارک ڕێنجەرز)



لـە یاری بارسـێلۆنا و چێڵسـی لە چامپیۆنسـلیگدا ئەوەندە نەمابوو بۆیان کریکچ بمکوژێت، چونکە لە دوا خولەکدا گۆڵێکـی لە ئێمـە کرد کـەم مابوو دڵم بوەستێت، بەڵام ناوبژیوان ڕەتیکردەوە

خۆزێ مۆرینیۆ
(ڕاهێنەری یانەی چێڵسی)



ئەنچیلۆتی پیاوێکی درۆزنە، بە درۆ دەڵێت پەیوەندییەکانی من و کاسـیاس باشـن، بەڵام لە ڕاسـتیدا نێوانیـان زۆر ناخۆشە

پۆلیۆ بۆلیدۆ
(ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیسپانی)




میسی ئێسـتا یاریزانێکی ئاساییە، هیچی لە هاوڕێکانی زیاتر نییەو وەکجاران کاریگـەری بەسـەر ئەنجامەکانـی بارسێلۆناوە نییە

ڕۆبێرتۆ کارلۆس
(بەرگریکاری ئەفسانەیی بەرازیل)



زێنەدین زێدان مامۆستای تۆپی پێیە، کاتێک مـرۆڤ لەگەڵیدا ڕادەوەسـتێت و قسەی لەگەڵ دەکات هەستێکی تایبەت لە ناخیدا دروست دەبێت

مارسیلۆ بیێلسا
(ڕاهێنەری یانەی مارسیلیا)



## ئایا دەزانی؟

فرانک ریبێری یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا، بە ڕێژەی 67% یەکەمی ئەو کەسایەتیانە بوو لە فەرەنسا کە خەڵکی خۆشیان ناوێت. ئەمەش لە ئاکامی ئەو ڕاپرسییە دەرکەوت کە ڕۆژنامەی دی ئیس دی فەرەنسـی ئەنجامی دابوو. زۆربەی چاودێران پێیانوایە زوو وازهێنانی ریبێری لە یاری نێودەوڵەتی هۆکاری ئەو ئەنجامە بووە. سەمیر نەسری ئەستێرەی مانچستەر سیتیش بە ڕێژەی 61% دەنگەکان لە پلەی دووەم دێت. هۆکارەکەشـی پێدەچێت هەمان هۆکاری ریبێری بێت. چەندین یاریزان لە ریزی ئەو کەسایەتیانە بوون، کە خەڵکی فەرەنسا خۆشی ناوێن لەوانەش: نیکۆلا ئەنێلکا، ریمۆن دۆمینیک، ویلفرێد تسۆنگا، دیدێ دیشان، لۆران بلان، ریچارد گاسکێ، فلۆران مامادۆ و کەریم بنزیمە. کە ئەمەی کۆتایی جێگەی پرسیارە، چونکە ئێستا ئەستێرەی یەکەمی ئەو وڵاتەیە.

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (331) سێشەممە 2014/12/23



## بەرگە ناگرێت

ئیسکۆ ئاراکۆنی یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، ئابڕۆی هاوڕێکەی دانی کارفاخالی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی شاهانەی برد، کاتێک لە تویتەرەکەی ئاشکرایکرد کە یارییەکی بەهێزی پلەیستەیشنی لەگەڵ کارفاخال کردووە لەبەر ئەنجامی یارییەکە ئەو هاوڕێیەی زۆر تووڕە بووەو پلەیستەیشنەکەی شاکاندووە. لەو بارەوە ئیسکۆ کە وێنەی هاندە شکێنراوەکەی دانابوو، نووسیویەتی «یارییەکە زۆر بەهێز بوو، بەڵام لە کۆتاییدا من یارییەکەم بردەوە، بۆیە کارفاخال بەرگەی نەگرت، زۆر تووڕەبوو و هاندەکانی دەستی تێکشکاند».

## بڕوا بکەی یان نا..؟!

# هازارد دژی ئەفسانەکانە و درێسەکەی ڕۆناڵدۆش سەرسوڕهێنەرە



ئا: ڕەمزی میرەکانی

**لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات ڕوودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوودەدەن:**



## درێسەکەی ڕۆناڵدۆ

ڕاهێنەری یانەی کرۆز ئازۆلی مەکسیکی بەڵێنی دابوو هەر یاریزانێک گۆڵ تۆماربکات، درێسی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ وەردەگرێت! بەڵام کەس گۆڵی نەکرد، کەواتا درێسەکە بۆ کێ بوو؟.

لە هەواڵێکی سەیردا ڕاهێنەری یانەی کرۆز ئازۆلی مەکسیکی ئاشکرایکرد کە بەر لە یارییەکەیان بەرامبەر ریال مەدرید لە قۆناخی پێش کۆتایی مۆندیالی یانەکاندا بەڵێنی دابوو، هەر یاریزانێک بەرامبەر ریال مەدرید گۆڵ تۆماربکات درێسی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ وەردەگرێت، بەڵام کەس گۆڵی نەکرد و چانسی ئەوەی نەبوو درێسەکە وەربگرێت. دوای تەواوبوونی یارییەکە، کە بە دۆڕانی کرۆز ئازۆل بە 4 گۆڵی بێبەرامبەر تەواوبوو، ڕۆژنامەنووسێک لە ڕاهێنەری کرۆز ئازۆلی پرسی، چۆن یاریزانەکانت هاندەدا؟. لویس فێرناندز تینای ڕاهێنەر لە وەڵامدا گوتی «پێش یارییەکە بەڵێنم بە یاریزانەکانم دابوو هەر کامیان گۆڵ تۆماربکات، درێسەکەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ وەردەگرێت». ئەمجارەیان ڕۆژنامەنووسەکە لێیپرسییەوە «بەڵام کەس گۆڵی تۆمارنەکرد»!. ڕاهێنەرەکەش گوتی «بەڵێ، کەس گۆڵی تۆمارنەکرد، بۆیە درێسەکە بۆ من دەبێت».



## نوکتەکەی ئیسیان

مایکل ئیسیانی یاریزانی یانەی میلانی ئیتاڵی دووپاتیکردەوە، باسی بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ نەخۆشی ئیبۆلا دەکات، کە بەهۆی نوکتەیەک لەسەر تویتەر تووشی ناخۆشترین ساتەکانی ژیانی بووە. ئیسیان دەڵێت ناخۆشترین ساتی ژیانی ئەوکاتەبوو، کە پزیشکی یانەی میلان پەیوەندی پێوەکردووەو پێیگوتووە تووشی نەخۆشی ئیبۆلا بووە، بەڵام دواتر دەرکەوتووە تەنیا نوکتەیەک بووە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بە فراوانی بڵاوبووەتەوە. ئیسیان گوتی «دوای نیوەڕۆ بوو لە ماڵەوە بووم کە پزیشکی یانەی میلان تەلەفۆنی بۆ کردم و پێیگوتم زانیارییەک هەیە گوایە من تووشی نەخۆشی ئیبۆلا بوویمە، منیش گوتم چۆن؟ تۆ ئەمڕۆ منت پشکنیووە، بەڵام دوای چەند خولەکێک بریکارەکەم پێیراگەیاندم کە ئەوە نوکتەیەکەو لە تویتەر بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دەزگاکانی ڕاگەیاندن قۆستیانەوە و بەشێوەیەکی فراوان بڵاویانکردەوە». ئەو دەڵێت «بەڕاستی شتێکی زۆر ناخۆش نەبوو، چونکە خێزانەکەم و هاورێیکانم زۆر ترسان، دایکم دوای بیستنی ئەو هەواڵە دووجار تەلەفۆنی بۆ کردم، ئەوە گاڵتە نییە، ئەوە شتێکی باش نییە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی ئەو نەخۆشیەیان هەیە.

## هازارد ئەفسانەکانی بەدڵ نییە

ئیدین هازاردی ئەستێرەی بەلجیکی یانەی چێڵسی ئینگلیزی، دوای ئەوەی پێکهاتەی نموونەیی خۆی ئاشکراکرد لە یاری فیفا 2015، کە هازارد زۆر شەیدایەتی و ڕیکلامیشی بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنی یارییەکە کردووە، هاندەرانی یانەکەی تووڕەکرد، چونکە لە پێکهاتەکەی هازارد هیچ یاریزانێکی چێڵسی بەدی ناکرێت، پێکهاتەکەی هازارد بەمشێوەیە: پیتەر شمایکل (گۆڵچی)، لۆران بلان، مارسێل دوسایی، ڕۆبێرتۆ کارلۆس و فابیۆ کاناڤارۆ (هێڵی بەرگری)، پاتریک ڤیێرا، ڕۆبێرت پێرس، لویس فیگۆ و پاڤل نێدڤید (هێڵی ناوەڕاست)، پاتریک کلۆیڤرت و دینیس بێرکامپ (هێرشبەر).

جێگەی سەرەنجە، هازارد هیچ یەکێک لەو یاریزانانەی لە پێکهاتەکەیدا دانەناوە، کە زۆربەی جیهان بە ئەفسانەکانی مێژووی تۆپی پێ دەزانن، کە بریتین لە هەر یەک لە پێلێ و ڕۆناڵدۆی بەرازیلی و دیێگۆ مارادۆنا و لیۆنێل میسی ئەرجەنتینی و زێنەدین زێدانی فەرەنسی.



# «فالکاو بەرگریکارانی پریمەرلیگ هەراسان دەکات»

**ڕووداوی وەرزشی ـ MN4**

دینیس لو، گۆڵکاری ئەفسانەیی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی پشتیوانی خۆی بۆ رادامیل فالکاوی هێرشبەری یانەکە دەربڕی و ڕایگەیاند «دڵنیام فالکاو دەبێتە دیارترین گۆڵکاری یانەکەی».

دینیس لو، دووپاتیکردەوە هەر کاتێک فالکاو پێیەکانی لە پێکهاتەی سەرەکی تیپەکە قایم بکات، بە ئاستی ڕاستەقینەی خۆی دەردەکەوێ و لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە سەرچاوەی هەراسانکردنی بەرگریکاری یانەکانی پریمەرلیگ و گوتی «پێموایە یاریزانانی بیانی لە سەرەتادا بە ئەستەمی دەتوانن خۆیان لە گەڵ خولی ئینگلیزی ڕابێنن، بەڵام ئاستی ئەستەمی ئێستا لەگەڵ سەردەمی ئێمە بەراورد ناکرێ، چونکە ئێستا جیهان زۆر بچووک بووەتەوە، پێشتر تەنیا تەلەفۆن هەبوو. بەڵام ئێستا بەهۆی گەشەسەندنی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، هەست بە دوورەپەرێزی لە وڵاتانی دیکە ناکەی، هەرچەندە گیرسانەوە لە وڵاتێکی تازەش کە شێوازی ژیانی جیاواز بێت لەوەی لەسەری ڕاهاتووی ئەوەندە ئاسان نییە، بێجگە لە زمانی و خواردنی جیاواز، ئەو یاریزانانە هێشتا بچووکن و توانای ئەوەیان هەیە خۆیان لەگەڵ ئەو جۆرە شتانە ڕابێنن».

دینیس لو، لە ستوونە تایبەتەکەی لە گۆڤاری یۆنایتد ریڤیۆدا نووسیویەتی «فالکاو بە ئاستێکی باش دەرکەوت، چونکە یاریزانێکی زۆر باشە، بۆیە هەرکاتێک لە پێکانەکەی چاکبێتەوە و توانای جەستەیی خۆی بەدەستبێنێتەوە، ئاستی دەتەقێتەوە، چونکە یاریزانانی باش بەردەوام ئاستی باش پێشکەش دەکەن، بەچاوپۆشین لەو تیپەی کە یاری بۆ دەکەن، ئەوان تەنیا پێویستیان بە خۆگونجاندنە».

# دڕۆگبا و ئیتۆ دایکی سەرۆک دەنێژن



**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ئیتۆ و دڕۆگبا، دەیانەوێ خەرجییەکانی ناشتنی دایکی سەرۆکی پێشووی کۆتدیڤوار لە ئەستۆبگرن، کە ئێستا سەرۆک لە زینداندایە و دایکیشی مردووە.

هەردوو یاریزان ئیڤواری، دیدێ دڕۆگبا و باکاری کونێ، لەگەڵ یاریزانی کامیرۆنی، ساموێل ئیتۆ ئامادەیی خۆیان نیشانداوە، خەرجییەکانی ناشتنی دایکی سەرۆکی پێشووی کۆتدیڤوار، لۆران گباگبۆ لەئەستۆ بگرن، کە ئێستا بە تۆمەتی ئەنجامدانی جینۆساید لە شاری لاهای بەندکراوە.

ململانێی چەکداریی کە چەند ساڵێک پێش ئێستا لە کۆتدیڤوار سەریهەڵدا، بووە هۆی ئەوەی دووبەرەکی لەنێو یاریزانانی کۆتدیڤوار سەرهەڵبدات، یاریزانە موسڵمانەکان بە پێشەوایەتی یایا تۆرێ پشتیوانیان لە سەرۆکی ئێستا ئەلحەسەن واتارا دەکرد کە ئەویش موسڵمانە، کەچی یاریزانە مەسیحییەکان بە پێشەوایەتی دیدێ دڕۆگبا پشتیوانیان لە سەرۆکی پێشوو لۆران گباگبۆی مەسیحی دەکرد، ئەو ناکۆکیانەش لە چەندین بۆنە بە ڕوونی بە دەردەکەوت، هەرچەندە ئێستا کەمی کردووە.

# جوانترین 2 وێنەی وەرزشی 2014



**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

وێنەی لویس سوارێزی هێرشبەری هەڵبژاردەی ئۆرگوای لە کاتی گازگرتن لە شانی جۆرجیۆ کیلینی بەرگریکاری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لە مۆندیالی 2014ی بەرازیل زۆرترین بینەری هەبووە لەنێو سەرجەم وێنە وەرزشییەکانی ساڵی 2014.

بزوێنەری بەناوبانگی ئینتەرنێت، گۆگل بە دانە ئەمریکییەکەی، لیستێکی بە ناوی ئەو 10 وێنەیە بڵاوکردووەتەوە کە زۆرترین بینەریان هەیە. لەو لیستەدا تۆپی پێ زۆر بە زەقی بوونی هەیە، وێنەی لویس سوارێز دوای گازگرتنی لە شانی جۆرجیۆ کیلینی لە مۆندیالی بەرازیل زۆرترین ڕەواجی هەیە، ئەو وێنەیەی کە سوارێز دانیشتووە و ددانەکانی خۆی گرتووە و کیلینیش لەسەر زەوی کەوتووە و شانی خۆی گرتووە. هەروەها وێنەی ئاهەنگگێڕانی میگێل هێرێرای ڕاهێنەری هەڵبژاردەی مەکسیک دوای بردنەوەی تیپەکەی لە هەڵبژاردەی کرواتیا لە مۆندیالی بەرازیل، لە پێشەوەی وێنەکان دێت، کە زۆرترین بینەری هەبووە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.





بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کورەك، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.

- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتی بالانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکریتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 ڕۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆری کورەك
  - دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بویربە خەون ببینە

korektel.com
411

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**جامی سعوودیە**
سێشەممە 2014/12/23
08:15
ئیتحاد — هیلال

**خولی عێراق**
پێنجشەممە 2014/12/25
02:00
تەڵەبە — نەجەف

**خولی عێراق**
هەینی 2014/12/26
02:00
زەورا — زاخۆ

**خولی ئینگلتەرا**
هەینی 2014/12/26
06:00
مانچستەر یونایتد — نیوکاسل

## خولی فەرەنسا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مارسیلیا | 41 |
| 2 - لیۆن | 39 |
| 3 - پاریس سانجێرمان | 38 |
| 4 - سانت ئیتیان | 36 |
| 5 - مۆناکۆ | 32 |
| 6 - بۆردۆ | 31 |
| 7 - نانت | 30 |
| 8 - رین | 28 |
| 9 - ریمس | 28 |
| 10 - مۆنبیلیە | 26 |
| 11 - نیس | 22 |
| 12 - گانگۆن | 22 |
| 13 - لیل | 21 |
| 14 - تۆلۆز | 21 |
| 15 - لۆریان | 20 |
| 16 - لانس | 19 |
| 17 - میتز | 19 |
| 18 - ئیڤیان | 19 |
| 19 - باستیا | 18 |
| 20 - کان | 15 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لاکازیتی | لیۆن | 18 |
| 2 - جینیاک | مارسیلیا | 12 |
| 3 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 8 |
| 4 - دیاباتی | بۆردۆ | 8 |
| 5 - ویسام | تۆلۆز | 8 |
| 6 - واس | ئیڤیان | 8 |
| 7 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 7 |

* یارییەکانی ئەم خولە تاوەکو 2015/1/9 دەوەستن.

## خولی ئەڵمانیا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 45 |
| 2 - فۆلفسبۆرگ | 34 |
| 3 - بایرلیڤەرکۆزن | 28 |
| 4 - مونشنگلادباخ | 27 |
| 5 - شاڵکە | 27 |
| 6 - ئۆگسبۆرگ | 27 |
| 7 - هۆفنهایم | 26 |
| 8 - هانۆڤەر | 24 |
| 9 - فرانکفۆرت | 23 |
| 10 - پادربۆرن | 19 |
| 11 - کۆڵن | 19 |
| 12 - ماینز | 18 |
| 13 - هێرتا بەرلین | 18 |
| 14 - هامبۆرگ | 17 |
| 15 - شتوتگارت | 17 |
| 16 - ڤێردەربریمەن | 17 |
| 17 - بوروسیا دۆرتمۆند | 15 |
| 18 - فرایبۆرگ | 15 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مایێر | فرانکفۆرت | 13 |
| 2 - رۆبن | بایرن میونشن | 10 |
| 3 - مۆتینگ | شاڵکە | 10 |
| 4 - ئۆکازاکی | ماینز | 8 |
| 5 - بلعەرەبی | بایرلیڤەرکۆزن | 8 |
| 6 - هۆنتیلار | شاڵکە | 7 |
| 7 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 7 |

* یارییەکانی ئەم خولە تاوەکو 2015/1/30 دەوەستن.

## خولی ئیسپانیا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 39 |
| 2 - بارسێلۆنا | 38 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 35 |
| 4 - ڤالێنسیا | 31 |
| 5 - ڤیارپال | 30 |
| 6 - سڤیلیا | 30 |
| 7 - مەلەگە | 30 |
| 8 - سێلتاڤیگۆ | 20 |
| 9 - ئیبار | 20 |
| 10 - ئیسپانیۆل | 20 |
| 11 - ئەتلەتیک بلباو | 19 |
| 12 - خیتافی | 17 |
| 13 - رایۆ ڤالیکانۆ | 17 |
| 14 - ریال سۆسیداد | 15 |
| 15 - لیڤانتی | 15 |
| 16 - ئەلمێریا | 13 |
| 17 - دیپۆرتیڤۆ | 13 |
| 18 - غەرناتە | 13 |
| 19 - قورتوبە | 11 |
| 20 - ئیلچێ | 10 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کریستیانۆ | ریال مەدرید | 25 |
| 2 - میسی | بارسێلۆنا | 15 |
| 3 - نیمار | بارسێلۆنا | 11 |
| 4 - باکا | سڤیلیا | 10 |
| 5 - بنزیمە | ریال مەدرید | 8 |
| 6 - گارسیا | ئیسپانیۆل | 7 |
| 7 - بەیڵ | ریال مەدرید | 7 |

* یارییەکانی ئەم خولە تاوەکو 2015/1/3 دەوەستن.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 18)

**هەینی 2014/12/26**

| یاری | کات |
|---|---|
| چێڵسی - وێستهام | 03:45 |
| بێرنلی - لیڤەرپوول | 06:00 |
| کریستال پالاس - ساوسهامبتۆن | 06:00 |
| ئێڤەرتۆن - ستۆک سیتی | 06:00 |
| لیستەر سیتی - تۆتنهام | 06:00 |
| مانچستەر یونایتد - نیوکاسل | 06:00 |
| سەندرلاند - هاڵ سیتی | 06:00 |
| سوانزی سیتی - ئەستۆن ڤێلا | 06:00 |
| وێست برۆمیچ - مانچستەر سیتی | 06:00 |
| ئارسناڵ - کۆینز پارک رێنجەرز | 08:30 |

**یەکشەممە 2014/12/28**
**(هەفتەی 19)**

| یاری | کات |
|---|---|
| تۆتنهام - مانچستەر یونایتد | 03:00 |
| ساوسهامبتۆن - چێڵسی | 05:05 |
| ئەستۆن ڤێلا - سەندرلاند | 06:00 |
| هاڵ سیتی - لیستەر سیتی | 06:00 |
| مانچستەر سیتی - بێرنلی | 06:00 |
| کۆینز پارک رێنجەرز - کریستال پالاس | 06:00 |
| ستۆک سیتی - وێست برۆمیچ | 06:00 |
| وێستهام - ئارسناڵ | 06:00 |
| نیوکاسل - ئێڤەرتۆن | 07:15 |

**دووشەممە 2014/12/29**

| یاری | کات |
|---|---|
| لیڤەرپوول - سوانزی سیتی | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێڵسی | 39 |
| 2 - مانچستەر سیتی | 36 |
| 3 - مانچستەر یونایتد | 31 |
| 4 - وێستهام | 28 |
| 5 - ساوسهامبتۆن | 26 |
| 6 - ئارسناڵ | 26 |
| 7 - تۆتنهام | 24 |
| 8 - نیوکاسل | 23 |
| 9 - سوانزی سیتی | 22 |
| 10 - لیڤەرپوول | 21 |

## خولی ئیتاڵیا (ریزبەند)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 39 |
| 2 - رۆما | 36 |
| 3 - لازیۆ | 27 |
| 4 - ناپۆلی | 27 |
| 5 - سامپادۆریا | 27 |
| 6 - جەنەوا | 26 |
| 7 - میلان | 25 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 24 |
| 9 - ئۆدینێزی | 22 |
| 10 - پالێرمۆ | 22 |
| 11 - ئینتەرمیلان | 21 |
| 12 - ساسۆلۆ | 20 |
| 13 - ئیمپۆلی | 17 |
| 14 - تۆرینۆ | 17 |
| 15 - ڤیرۆنا | 17 |
| 16 - کییڤۆ | 16 |
| 17 - ئاتالانتا | 15 |
| 18 - کالیاری | 12 |
| 19 - چیزینا | 9 |
| 20 - پارما | 7 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - تیڤێز | یوڤانتۆس | 10 |
| 2 - کالیخۆن | ناپۆلی | 8 |
| 3 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 8 |
| 4 - دیناتالی | ئۆدینێزی | 8 |
| 5 - مینێز | میلان | 8 |
| 6 - هیگواین | ناپۆلی | 7 |
| 7 - دیبالا | پالێرمۆ | 7 |

* یارییەکانی ئەم خولە تاوەکو 2015/1/5 دەوەستن.

## خولی کوردستان (هەفتەی 9)

**پێنجشەممە 2014/12/25**

| یاری | کات |
|---|---|
| شێروانە - زێرەڤانی | 02:30 |
| برایەتی - زاخۆ | 02:30 |
| سلێمانی - نەورۆز | 02:30 |

**هەینی 2014/12/26**

| یاری | کات |
|---|---|
| هەولێر - ئارارات | 02:30 |
| دهۆک - پێشمەرگەی هەولێر | 02:30 |
| هندرێن - پێشمەرگەی سلێمانی | 02:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - زێرەڤانی | 16 |
| 2 - دهۆک | 15 |
| 3 - زاخۆ | 15 |
| 4 - نەورۆز | 14 |
| 5 - سلێمانی | 11 |
| 6 - پێشمەرگەی هەولێر | 9 |
| 7 - برایەتی | 9 |
| 8 - ئارارات | 8 |
| 9 - هەولێر | 7 |
| 10 - شێروانە | 7 |
| 11 - کەرکووک | 6 |
| 12 - پێشمەرگەی سلێمانی | 4 |
| 13 - هندرێن | 4 |
| 14 - بروسک | 0 |

## گۆڵکارانی خولی ئینگلتەرا

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 14 |
| 2 - کۆستا | چێڵسی | 12 |
| 3 - سانچێز | ئارسناڵ | 9 |
| 4 - پێلێ | ساوسهامبتۆن | 8 |
| 5 - ئۆستن | کۆینز پارک رێنجەرز | 8 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ستۆک سیتی - چێڵسی) دانراوە.

**خولی ئینگلتەرا**
یەکشەممە 2014/12/28
03:00
تۆتنهام — مانچستەر یونایتد

**خولی ئینگلتەرا**
یەکشەممە 2014/12/28
05:05
ساوسهامبتۆن — چێڵسی

**خولی پلەیەکی ئینگلتەرا**
یەکشەممە 2014/12/28
06:00
بلاکبێرن — میدلزبرە

**خولی ئینگلتەرا**
دووشەممە 2014/12/29
11:00
لیڤەرپوول — سوانزی سیتی

## پیرترینە



به پێی ئامارەکان دەرکەوتووە کە یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی پیرترین یانەی ئەورووپایە لە رووی تێکڕایی تەمەنی یاریزانەکانی. چونکە ئێستا تێکڕایی تەمەنی یاریزانانی ئەو یانەیە 28 ساڵ و 7 مانگ و 28 رۆژە. لە دوای ئەویش یوڤانتۆسی ئیتاڵی دووەم پیرترین یانــەی ئەورووپایــە، کــە تێکڕایی تەمەنی یاریزانانی 28 ســاڵ و 5 مانگە. هەروەها دوای ئەوانیش یانەکانی بایرن میونشــنی ئەڵمانی و بارسیلۆنای ئیسپانی و ریال مەدریدی ئیسپانی و پاریس سانجێرمانی فەرەنسی بە دوای یەکدا پلەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەمیان گرتووە.

# کوڕەکەی شاکیرا 7 زمان دەزانێت



**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

شاکیرا، خانمە گۆرانیبێژی کۆلۆمبی بەناوبانگ و دۆستەکەی جیرارد پیکێی بەرگریکاری ئیسپانی یانەی بارسیلۆنا دووپاتیکردەوە کە دەیەوێ لە داهاتوودا میلانی کوڕی فێری 7 زمان بکات. بە گوێرەی هەواڵێکی رۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی، دۆستەکەی جیرارد پیکێ ئامانجی ئەوەیە میلانی کوڕی فێری زمانەکانی: ئیسپانی، کەتەلۆنی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، رووسی و چینی بکات، بەمەرجێک زمانی ئیسپانی و کەتەلۆنی زۆر بە باشی فێربێت، کە وادیارە شاکیرا بایەخ بە زمانی ئیتاڵی و عەرەبی نادات. شــاکیرا لــەم بارەوە گوتی «هەموو منداڵێک بەر لە تەمەنــی 3 ســاڵی دەتوانێت فێری زمــان ببێــت، میلانی کــوڕم لەگەڵ 7 جۆرە زمان تێکەڵاوی هەیە». هەروەها شاکیرا گوتیشــی «منداڵان زووتر فێری شتەکان دەبن، بۆیە دەکرێت هــەر زوو فێــری زمانــەکان بکرێن و کتێبیــان نیشــان بدرێــت، هەتا ئەو منداڵانەی تازەش لەدایکبوونە».

شــاکیرا ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکات کــە خــۆی و پیکــێ میلانیــان زۆر خۆشدەوێت و بە هەموو شێوەیەک خزمەتی دەکــەن و گوتی «بە هــاوکاری پێکــێ کوڕەکەمان فێــری زۆر شــت دەکەیــن و بەباشترین شێوە پەروەردەی دەکەین».



ڕێبوار محەممەد

# شینەکەی رامۆس بۆ میسییە!

هێشــتا ریال مەدرید نەچووبووە سەر ســەکۆی وەرگرتنــی جامــی مۆندیالــی یانــەکان لــە مەغریــب، زۆر کــەس لەوانەی لە کوردســتان خەمی زۆریان لە درەوشــانەوەکانی رۆناڵــدۆ خواردووە، بە کۆمێنتی سەر فەیسبووک هاتنە سەر هێڵ و گوتیان رامــۆس گۆڵ دەکات و رۆناڵدۆ دەپاڵێورێت بۆ باشترین یاریزانی ساڵ!

ئەو بەڕێزانە وەک ئەوەی هەنگوینیان لــە کونــەداردا دۆزیبێتــەوە، کەوتنــە کۆپیکردنــەوەو نووســینەوەی هەمــان دێڕ، رامۆس نازنــاوەکان بۆ ریال مەدرید دەباتــەوەو رۆناڵــدۆ دەبێتــە باشــترین یاریزانی ســاڵ، پێمناڵێــی بۆچی رۆناڵدۆ باڵــۆن دۆر دەباتــەوە؟ هــەی فیفــای گەندەڵ؟

گومانم لەوە نییە، نە فیفا و نە بلاتەر و نە پلاتینیش هێنــدەی ئەو برادەرانەی لای خۆمــان خــەم بەو بابەتــەوە ناخۆن و پێــوەی ســەرقاڵ نیــن و تــا ســاتی دەستنیشــانکردنی باشــترین یاریزانــی جیهــان، دڵیان لەســەر هــەزار لێدەدات، ئەگەر وانییە، چۆن دەکرێ مرۆڤ هێندە بێباکانــە بێتە ســەر هێڵ و لــە بەرامبەر رۆناڵدۆدا رامۆس قیت بکاتەوە.

نە بەرگری لە رۆناڵدۆ دەکەم، نە ئێشم بەوەیە ئەو شایســتەی تۆپی زێڕینە یان میســی؟ وەلێ کاتێک باسی ئەو یاریزانە دەکەیــت و پێتوایــە کەســی دیکە هەیە شایســتەی نازنــاوی باشــترینی جیهانە، ناکرێ بە چاوی بەســتراوەوە ئەو قسەیە بکەیت.

گومانم لەوە نییە شینی ئەو برادەرانە بۆ هەریسەکەیە، ئەوان بۆ میسی دەگرین و پەلامــاری رۆناڵــدۆ دەدەن، دەنا ئەگەر باســی رامــۆس دەکــەن کە لــە کۆتایی چامپیۆنزلیگــدا گۆڵی یەکســانکردنەوەی ریالی کردووەو لە یاری کۆتایی مۆندیالیشدا هەمان شــتی دووبارەکردەوە، ئەی باشە بۆ باسی بەیڵ ناکەن؟ ئەو گۆڵی دووەمی ریالی لە یارییەکەی بەرامبەر ئاتلێتیکۆدا تۆمارکــرد، لــە جامــی شــادا دەرچوونە موشــەکییەکەی هێشــتا لەبیــری کــەس نەچووەتــەوە کە نازناوەکەی بەخشــییە ریال مەدرید، لە کۆتایی چامپیۆنزلیگیشدا ئەو بوو ریتمی یەکســانبوونی یارییەکەی شــکاندو بە بازێکی گەورە گۆڵی دووەمی ریالی لە یارییەکەدا تۆمارکرد.

ئــەو بەڕێزانــەی شــین بــۆ رامــۆس دەکەن هەزاران قســەیان لەسەر ئەخلاق و ئــاکاری ئەو لە یاریگــەدا هەیە، لەگەڵ هــەر کارتێکــی زەرد و ســووردا کە ئەو وەریدەگرێت، هەزاران قســەی نەشــیاوی پێدەڵێــن، خێرە وا رەحمیــان بەرامبەری تلیساوەتەوە؟

واز لە بەیڵ بێنن ئەو لە ریال مەدریدە، ئەگــەر پێوانەکــە گۆڵکردنــە، فەرموون سەیری گۆتزێ بکەن، خۆ ئەو ئەڵمانیای کردە خاوەنی نازنــاوی مۆندیالی 2014، ئەی بۆ باســی ئەو ناکەن، بۆ کەس ناوی تۆنی کــرووس ناهێنێت کە دوو مۆندیالی لە ساڵێکدا بردەوەو لە پاس و وردی پاس و کۆنترۆڵی یاریگەدا، هەم لە بایرن، هەم لــە ئەڵمانیا و هــەم لە ریــال مەدرید لە پێشــی هەمووانەوەیە؟ ئەی خێرە نۆیەر ناوی لە سێ یاریزانەکەی کۆتاییە؟

برادەرەکانی کوردستان نانێکیان لەگەڵ پلاتینیدا خواردووە، ئەگەرنا ئەویش هەر لەخۆیەوە بۆئەوەی بیانوویەک بدۆزێتەوە تــا نۆیەر بکاتە باشــترین یاریزانی ســاڵ لــە ئەورووپــا، گوتــی دەبــێ باڵــۆن دۆر بــۆ یاریزانێکــی ئەڵمانی بێــت، ئەحمەد ســەنگاوی گوتەنــی پلاتینــی لەنێو 22 یاریزاندا کەسی دەستنیشــان نەکردووە، بــەڵام هــەر بــۆ ئــەوەی قســەیەک لــە بابەتەکەدا بکات، دەڵێ با بۆ ئەڵمانییەک بێت؟ کامیان؟ ئەوە کەس نازانێ.

ئــەوەی دەگوتــرێ گریــان نییــە بــۆ ئاســتی رامــۆس، ئــەوە رۆناڵدۆیــە شینەکەی گەرمکردووە، هەمووشی بەیەک ئاراســتەدا. رۆناڵدۆ شایستەی نازناوەکە نییــە، دەنــا دڵنیــام ئەگەر رامــۆس لە جێگەی رۆناڵدۆ بپاڵێورایە بۆ نازناوەکە، دەیان لێپرسینەوەی ئەخلاقییان لەگەڵدا دەکــرد، وەک ئەوەی گەنجێکــی داماوی کورد بێت.


رووداو وەرزشی

# LOTTO

## (رووداوی وەرزشی)

## بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..................................................

مۆبایل : ..................................................

4 سی و حەفتەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی.
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD.
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ.
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ.
5 ـ مۆبایل.











سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
ehsanjornalist@yahoo.com - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان . شاهۆ محەممەد

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە



رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک رووداو بخوێنەوە